بابەت :
راپۆرتی شیکاری

## کوردەکانی تاراوگە کتێب ناخوێننەوە.

# لەرۆژێکدا تەنها یەک کتێب لەکتێبخانەی کوردی لەستۆکهۆڵم خواستراوە..!؟

**کامەران ئیسحاق پەری ـ نوسینگەی ( لڤین )ی ئەورووپا**

سەرباری ئەوەی کەرەوەندی کوردی پەیوەست بە تێکەڵاوبوون، پێکەوەژیان ، هەڵکردن و خۆگونجاندن لەژینگەیەکی ئەورووپی نمونەی سستوکەم چالاکی ترین کەمایەتی لەئەورووپا ئەنوێنێت ،لەڕووی کلتوری،فەرهەنگی،ڕووناکبیری و خوێندنەوەی کتێبیش هەژار و ناکامڵ تر دیتە بەرچاو.

ـ جگە لەهەبوونی چەند دانەیەک لەکتێبخانەی کوردی لەئەورووپا لەتەواوی کتێبخانەگشتیەکانیش ،بەشێک هەیە بۆ کتێب بەزمانیبێگانە ،کتێبی کوردی لەو خانەیەدا کەمترین ڕێژەی (کتێب وخوێنەر)ی تایبەدی دەکرێت.لەم ڕاپۆرتەماندا لە قەیرانی خانەی کتێب لەئەورووپا دەکۆڵینەوە. بەهیوای ئەوەی ئەم کارە،سەرەتایەکە بێت بۆقسەکردن لەسەرشتە گرنگ و پەراوێزکراوەکانی دونیاوچەرخی نوێی ڕۆشنگەری کوردی.

کوردلەئەمرۆدا کەخەون بەدروستکردنی لۆبێکی کوردی ئەبینێت وسەرمایەی بۆدەخاتەگەڕ،باشترە سەرەتاکەی لەچاکردنی حاڵ وباڵی خانەی کتێبەکەیەوە دەستپێبکات، ئێمەلەکاتێکدا کەبەدوای قەیران وئەگەری دارمانی خانەی کوردی و پەیوەندی (خوێنەر و کتێب ) لەئەورووپا تێهەڵچووبووین ، بۆمان دەرکەوت کەحاڵ وباڵی کتێبخانە کوردی لەناوخۆی کوردستان لەپێشینەشداحاڵ وباڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی لەئەورووپا باشترنییە بگرە دارماو داهێزراو تردێتە بەرچاو .

ـ دەزگاکانی چاپ وبلاوکردنەوە، وەزارەتی ڕۆشنبیری وکتێبفرۆشەکان، کەبەشێوەیەکی ڕاستەوخۆبەرپرسن لەبونیادنانی کۆمەڵگەلێکی ئارەزوومەند بۆخوێندن....بەرپرسیشن لەگەیاندنی کتێب ودروستکردنی خانەی کتێب لەو بوارەدا خەمسارد وکەمتەرخەم دێنەبەرچاو، وەزارەتی ڕۆشنبیری زۆربەکەمی وبەدەگمەنیش لەخەمی ئەوەدایە ( خانەی کتێبی) کوردی لەئەروپا پرکتێب ،یان کار بۆدروستکردنی پەیوەندیەکی ئەوتۆی نێوان ( خوێنەر وکتێب) لەجۆری پەیوەندی وپێویستی مرۆڤ بەخۆراک بەئاو بۆ ژیان بکات .

پەیوەندی نێوان ( کتێب وخوێنەر) وەک هەموو جۆرەپەیوەندییەکانی تری کۆمەڵگەلی کوردی پەیوەندییەکی نادروستە ، هەندێک جار کتێبی باش چاپ دەکرێت وناگاتە دەستی خوێنەری کوردلەئەورووپا،جاریش هەیە بەپێچەوانەوە کتێبی خراپ چاپ دەکرێت و هەمیشە لەبەردەستی خوێنەردایە . بەڵام تاچەند لەهەردووچەشنی کتێبەکان خوێنەری هەیە ئەمیش بۆخۆی پرسیارێکە ؟ هەقی وەڵامدانەوەی هەیە!

ـ لەناوەندی نەبوونی دەزگایەک بەناوی (دەزگای خزمەتگوزاری کتێبخانەکاندا ) کتێبخانەگشتییەکانی کوردستان ژمارەیەکی کەمی کتێبی کوردی تیابەدی دەکرێت. ئەوەتانێ لەناودڵی (پایتەختی ڕوناکبیری) سلێمانی ، لەکتێبخانە گشتییەکەیدا کەلەساڵی 1944 بەماندووبوونی پیرەمێرد هاتۆتەبوون لەکۆی سەدوبیست هەزارکتێب خاوەنی تەنها ( 5805 ) کتێبی کوردی یە لەو ژمارەیەش تانها (3805 ) کتێب داخلی کتێبخانەکراون (تەسنیف) کراون 2000 کتێبی کوردی لەچاوەڕێی داخلکردنە. ئەم ڕێژەیەش تەنها 4% کتێبەکانی ناوکتێبخانە پێکدێنێت . ئەم ڕێژەیە بهێنەرەوە بەرچاوی خۆت ولەگەڵ شوێنێکی تربەراورد پێبکە. بۆنمونە لەکتێبخانەیەی گشتی شارێکی وەک (بەرلین)ی ئەڵامن زان،کتێبە ئەڵمانیەکان بۆخواستن لەکۆی گشتی کتێبەکانی ناوکتێبخانە % 4 پێکبێنێت وباقی کتێبەکان بەزمانی ئینگلیزی بن .

ـ لەبەرامبەردا لەشاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کتێبخانەیەکی کوردیلەساڵی 1997 هاتۆتە دامەزراندن ، پرۆژەکەش لەبنەڕەتدا پرۆژەیەکی (وەزارەتی ڕۆشنبیری سوید و شارەوانی ستۆکهۆڵم ) ە ولەپێناو ژیانەوەی کلتوری کوردی کاردەکات،خاوەنی (8501 ) کتێبی جۆراوجۆری کوردی بێت .لەمەڕ چۆنیەتی بەدەسکەوتنی ئەم هەمووکتێبە لەکتێبخانەی کوردی لەستۆکهۆڵم کەتەمەنی لەدەساڵ تێناپەڕێت (نەوزادهیرۆری) بەڕێوبەری کتێبخانە گوتی: لەکۆی گشتی کتێبەکان( 2400 کتێبی بەدیاری و 6100 کتێبی بەکرین دەستکەوتوون) .ئەمە لەکاتێکدا هەتائەمڕۆلەکتێبخانەی گشتی سلێمانی کتێب تەنها بەدیاری وەردەگرێت وکتێبخانەی سلێمانی جگە لەخۆی کە وەک بەڕێوبەریەتی یەک کاردەکات سەرپەرشتی 11 کتێبخانەی تری دەوروبەری شاری سلێمانیش دەکات ... هیچ جۆرە بوجەیەکی لەبەردەستدا نییە بۆکتێب کڕین ،مانگانە ئەو بوجەیەی کە لەبەردەستیدایە تەنها 3 ملیۆن دیناری ئێراقی یە ، ئەم بوجەیەش تەنها بۆ کاری کارگێڕی دێتەخەرجکردن نەوەک بۆکتێب کرین .

ـ کتێبخانەی کوردی ئەلیکترۆنی www.pertwk.com کە پرۆژەیەکی تاکەکسی یە و دروشمی (ئەم کتێبخانەیە هی هەموو کەسێکەو هیچ کەسێکیش خاوەنی نییە) ی کردۆتە مانشێت ودروشمی کارەکانی خۆی ولەماوەی چەندساڵێکی کەمدا هاتۆتە دامەزراندن لەسەرزاری بەڕێوبەرەکەی (بەهرۆزحەسەن) تابەرواری 2007.09.09 خاوەنی نۆسەدو چل وچوار 944 کتێبی کوردی یە ، لەوژمارەیە 127 کتێبی دیوانی شیعرە ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ئەم ژمارەیەو ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانەی سلێمانی بکەین بەبەراورد لەگەڵ مێژووی دامەزراندنی هەردووکیان بۆمان دەردەکەوێت ئەم هەوڵەتاکەکسی یەلەدەساڵی داهاتوودا ئەگەربەم نەسقەی ئێستای کاربکات کتێبی لەکتێبخانەی سلێمانی زیاتر دەبێت. ئەوەی کەجێگەی ئاماژەپێدانە کتێبخانەی ئیلکترۆنی کوردی بەهەمان تەرزی کتێبخانەی گشتی سلێمانی کتێبەکانی بەدیاری پێ دەگات.!؟لڤین ئەپرسێت ئەبێت ئەوهۆیە چی بێت کەوابکات نوسەروهەندێک لەدەزگاکانی چاپ کتێبەکانی بەدیاری بۆکتێبخانەی ئیلکترونی بنێرێت بەڵام بۆ کتێبخانەی گشتی سلێمانی نەنێرێت؟

ـ سەبارەت بەهەوڵی دەزگاکانی چاپ وبلاوکردنەوە بۆدروستکردنی ئەرشیف وکەتەلۆگێکی ئەنتەرنێتی لەوبارەیەوە زۆرکەمتەرخەم وگەرهەولیشیان دابێت هەولەکان سەرەتاین ،تەنانەت دەزگایەکی وەک دەزگای سەردەم، کەبڕیاروایە دەزگایەکی نمونەی بێت لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا، هەتائێستا خاوەنی ماڵپەرێک نییە،خەڵک بتوانێت سودی لێوەببینێت. هەرچی پەیوەندی بەدەزگای چاپی ئاراسەوە هەیە لەم بارەیەوە پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێوبەری دەزگای ئاراس کردوە وەلامەکەی بەم شێوەیەبوو.

** ماڵپەری دەزگای ئاراس www.araspublisher.net لەئاست پێویستدا نییە! تەنهالیستی ئەوکتێبانەی تیا دەبینیرێت کەلەسەرەتای دامەزراندنی ئاراس چاپکراون ،ئایا ئەمەبێ ئیمکانیەتی دەزگای ئاراسە؟یاخود کەمتەرخەمی کارگێرانی ئەو بەشەیە؟*

* بەدران ئەحمەدحەبیب ( ڕاستت دەوێت ئێمە ماڵپەرمان هەر نییە. واتازەخەریکین ماڵپەرێکی تازە بکەینەوە.پێش تەواوبوونی ئەمساڵ هیواداریین ماڵپەرێکی تازەورێک وپێک دابمەزرێنین. بەرهەمێکی یەکجارزۆرمان هەیەو دەمانەوێ بگەن بەخوێنەرانمان بەهەرشێوەیەک بێ.ئەگەرئەمەبکەین ئەوابەشێک لەوئازارانەش کەم دەکەینەوە کەلەپرسی دابەشکردنداهەمانە.

کەمی خواستنی کتێب لەئەورووپاو کوردستان:

ـ کتێبخانەی کوردی لەستۆکهۆڵم ،لەسەرزاریبەرێوبەرەکەی (نەوزادهەریری) سەبارەت بەژمارەی سەردانی خەڵک بۆ کتێبخانەکەیان پێی راگەیاندین:

کە لە ساڵی 2006 تەنها 296 کتێب (خواستراوە) ئیستیعارەکراوە.لەوژمارەیەش :

119 ی رەگەزی مێینە رەگەزی نێریش 173 پیکدێنیت ،ڕۆژانەش 5 تا 4 کەس سەردانی کتێبخانە دەکەن ،وەزیاتر لەهەزارکەس سەردانی کەتەلۆگی کتێبی کتێبخانەلەرێگەی ماڵپەرەکەیەوەماڵپەری کتێبخانەی کوردی www.kurdishlibirary.org دەکات .بەپێی ئەم ئامارە لەرۆژێکدا کەمتر لە1 کتێب لەکتێبخانەی کوردی لەستۆکهلم خواستراوە. لەکاتێکدا ئەم کتێبخانەیە بەپارەو فەرمانبەرێکی زۆردەبرێت بەرێوە ..

ـ کتێبخانەگشتییەکانی سوید چەندشاروانییەک بەنمونە
کتێبی کوردی لە27 کتێبخانەی شاروانییەکان دەخواستریت ،سالانەرێژەی خواستن ناگاتە400 پەرتوک. لەشاری ستۆکهۆلم کە نزیکەی سەدوچل وهەشت هەزارکورددەژی لەسالێکداتەنها 1200 کەس سەردانی کتێبخانەی کردوەولەوژمارەیش تەنها89 کتێبی کوردی خواستراوە. لەشاری یۆتۆبۆری کەتیایدا67 هەزارکورددەژی لەسالێکدا نزیکەی 600/500 کوردسەردانی کتێبخانەکانی کردووە،لەوژمارەیە لەسالێکدا تەنها400 کتێبی کوردی خواستراوە.
ـ لەمەر ژمارەی سەردانەکانی کتێبخانەی ئیلکترۆنی کوردی بەهرۆزحەسەن بەرێوبەری کتێبخانە لەوبارەیەوە پێی راگەیاندنین کە:( ژمارەی سەردانەکانی رۆژانە زۆر جیاوازە، لەکاتی ئێستادا رۆژانە لە 600 تا 1100 جار سەردانی کتێبخانەی کوردی "پەرتووک pertwk.com" دەکرێت و ئەو ژمارەیەش لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی کتێبەکان و دانانی بەشی نوێدا، هەروەک بەشی گەڕان و لیستی کتێبەکان، رۆژانە رووی لە زیادبوونە و هەموو مانگێکیش چەندەها خوێنەری نوێ ئاشنای ئەم سایتە دەبن. لەم بارەیەوە ئەوەی زیاتر مایەی دڵخۆشی منە ئەوەیە کە زۆرینەی ئەو کەسانەی سەردانی ئەم سایتە دەکەن، بەمانای وشە خوێنەرن. هەر بۆ نمونە لە مانگی پێشوودا پتر لە ملیۆنێک و سەد هەزار کرتە لە بەشەکانی ئەم سایتە دراوە، واتە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە دێنە ئێرە بەدوای کتێبدا دەگەڕێن و دایان دەگرن، نەک هەر ئاوها سەردانێکی سەرپێیی بکەن و بەجێیبهێڵن).
ـ سەبارەت بەئەوانەی کەسەردانی دەکەن زیاتر لە کام وڵاتەوەسەردان دەکەن،خوێنەری دەرەوەی کوردستانە یاخود ناوەوەی کوردستان؟
بەهرۆز حەسەن بەرێوبەری کتێبخانەی ئیلیکتۆنی کوردی: لەوەڵامدا دەڵێت:(زۆربەی هەرە زۆری سەردانەکان لەدەرەوەی کوردستانەوەن. لەبەشی ئاماری سایتەکەدا، کە بەپێی ژمارەی سەردانەکان لە وڵاتانی دونیاوە داڕێژراوە، تەنها 20 وڵاتی یەکەم نیشاندەدات. بەداخەوە زۆر جار سەردانەکانی کوردستان هێندە کەمن کە ناچێتە ناو ئەو لیستەوە).
لەسەررۆشنای وەڵامی بەرێوبەری کتێبخانەی ئیلکترۆنی بۆهۆی کەمی خوێنەر وسەردانەکانی کوردستان بۆ کتێبخانەی کوردی ئەلیکترۆنی ، ئەکرێت چەند هۆیەک بەهەندوەربگرێت،وببێتە خەمڵاندنیک بۆهۆی کەمی خوێنەری کتێبی ئەلیکترۆنی کوردی. لەوانە.
* یەکەم : خراپی هێڵەکانی ئەنتەرنێت لەکوردستاندا !
*دووەم : لەهەبوونی ئەوهەمووکتێبە بەچاپکراوی پێویست نەکات خوێنەری کوردی لەئەنتەرنێتەوەکتێب بخوێنێت !
* سێیەم : دیاردەی کتێب خوێندن لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە هێشتا لەکوردستاندا نەبۆتە مۆدە !
ـ کتێبخانەی گشتی سلێمانی :لەسەرزاری بەرێوبەرەکەی ( ئاری بابان ) بۆ سەردانەکانی مانگێک لەکتێبخانەیەکی گشتی لەشارێکی پترلەیەک ملیۆنی کوردنشیندا .دەڵێت لەمانگی 5 دا تەنها 3498 کەس سەردانی کتێبخانەی کردووە
ـ گەر ئەم ژمارەیە بەسەر 30رۆژی مانگێکدا دابەش بکەین کتێبخانەی گشتی سلێمانی لەرۆژێکدا 116 کەس سەردانی دەکات ئەمە لەکاتێکدایە، کتێبخانە خۆی خاوەنی 168 کارمەندەو بەدوو شەفت لەکاتژمێر 8.30 تا 6.00 ئێوارە لەبەشە جیاجیاکانی کتێبخانە کاردەکەن . بەڵام جێی خۆیەتی بڵێن خۆسەردانی کتێبخانە مانای (قەرزکردنی کتێب ناگەیێنێت ئەوەتا بەپێی ئامارێک کەدەستی لڤین کەوتوە تێداهاتوە لەبەرواری 2007.08.01 تاکو بەرواری 2007.0917 تەنها 195 کتێبی کوردی بۆدەرەوەی کتێبخانە (خواستراوە) ئێستیعارەکراوە 28 کتێبیش بۆناوخۆی کتێبخانە ،کتێبی عەرەبی لەهەمان مێژوودا (180) خوێنەری هەبووە.... بەرپرسانی کتێبخانە پێیان وایەکەمی هاتوچۆی کتێب وخوێنەر لەکتێبخانەی سلیمانی لەم ماوەیەدا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە پشوی‌هاوینە وخەڵکی کەمتر رووەدکاتە کتێبخانە ،خۆئەگەرئەم بۆچونەبەهەند وەربگرین ،ئەبێت ئەوەش رابگەیێنین لەباشترین حاڵەتی کتێب خواستن لەکتێبخانەی گشتی سلێمانی لە 540 کەس بۆدەرەوەی کتێبخانەوە 100 کەس بۆ ناو کتێبخانە تێناپەرێت.
ـ *بەشی ئەنتەرنێت لەکتێبخانەکاندا:* کەئەمرۆ بەبەشێکی زیندووی کتێبخانەکان دەناسرێتەوە،ورۆڵێکی گەورەی بینیوە لەکارئاسانی بۆکتێبخانەو خوێنەر ،لەناوکتێبخانە کوردیەکاندا کەمترسودی لێبینراوە.لەبەرئەوەی لەکوردستاندا

،هێڵی ئەنتەرنێتی کتێبخانەکان سەرباری هەبوونی چەندقەدەغەکردنێک، کتێبخانە تاکوئێستا کەتەلۆگێکی نییەخوێنەر بتوانێت لەڕێگەی خزمەتگوزاری کۆمپوتەربەدوای کتێب (ناو وناونیشانی کتێب) بگەڕێت لەبەرامبەردا لەکتێبخانەی گشتی سلێمانی لەهۆڵی هەردی بۆئەنتەرنێت کە42 کۆمپوتەری تێدایە، ئەم شتانەی تیادا قەدەغەیە !؟

1 ـ چات بەهەموو جۆرەکانی یەوە قەدەغەیە ؟2 ـ کردنەوەی هەندیک ماڵپەرقەدەغەیە ؟

بەلام لەئەورووپادا :ـ هەمووجۆرە چاتکردنێک ڕێگەی پێدراوە! کردنەوەی هیچ جۆرە ماڵپەرێک قەدەغە نییە ! لەکتێبخانەگشتییەکانی ئەوروپادا ڕێگەبەهەموو جۆرەچات و کردنەوەی ماڵپەرێک دراوە،دەستەواژەی کردنەوەی هەندێک ماڵپەر قەدەغەیە کەمێک تەمومژی لەسەرەوە ڕوون نەبۆتەوەکەچ جۆرە ماڵپەرێک بۆت نییە لەکتێبخانەی گشتی سلێمانی بیکەیتەوە ؟!.

ـ ئێمە لەمەڕخەمخۆری دەزگاکانی چاپ و پەخشی کوردستان هەوڵەکانیان بۆ گەیاندنی کتێبەکانیان بەکتێبخانە ئەورووپییەکانو(پەرتوکخانەی ئەلیکترۆنی ) بەنمونە؟ پرسیارێکمان ئاراستەی پەرتوکخانەی کوردی کردبوو، لەوەڵامدا بەهرۆز حەسەن ووتی:

( با لەم بارەیەوە واز لە دەزگاکانی چاپ و پەخشی کوردستان بهێنین. من دەیان جار نامەم ئاراستەی دەزگا گەورەکان کردووە و گوتومە ئامادەم لەسەر ئەرک و ماندووبونی خۆم تەواوی ئەرشیفەکانیان لەسەر ئەم سایتە بلاوبکەمەوە، بەلام بەداخەوە تا ئێستا تەنها خانەی وەرگێرانی سلێمانی و یانەی قەڵەمی سلێمانی ڕاستەوخۆ کتێبیان بۆ ئەم سایتە ناردووە. لەم دوادواییەشدا (پاش مشتومڕێکی زۆر) دەزگای موکریانی ڕەزامەندی بلاوکردنەوەی ئەو کتێبانەیان دامێ کە لەسەر سایتەکەیان دادەنرێن. وەکی تریش بەسوپاسەوە چەند کتێبێکی کەمم لە سەنتەری گەنجانی سلێمانی و دوانزە کتێبی تریشم لە سەنتەری ئینستیتوتی کەلەپوری کوردییەوە بەدەستگەیشتووە، بەدەر لەمانە هەموو ئەو کتێبانەی لەم سایتەدا دەیانبینیت یان خاوەنەکانیان ڕاستەوخۆ بۆیان ناردووم، یاخود خۆم لێرە و لەوێ کۆمکردونەتەوە. بێگومان دەبێت ئەوەش بڵێم کە چەندەها کەس و خوێنەری دڵسۆزیش لەم بوارەدا بەشێوەی جیاواز جیاواز هاریکاری ئەم سایتەیان کردووە).

لەسەرهەمان کێشە پرسیارمان ئاراستەی (بەدران ئەحمەدحەبیب ) بەڕێوبەری دەزگای ئاراس کردبوو، لڤین: ئێوە وەک دەزگای ئاراس تاچەند وچۆن لەخەمی ئەوەدان کەکتێبەکانتان بگاتە ئەورووپا؟

بەدران ئەحمەد حەبیب لەوەلامدا وتی: گەورەترین کێشەی دەزگای چاپ وبلاوکردنەوە لەکوردستان،کێشەی دابەشکردنە و ئەمەش تیراژی کتێبی کوردی زۆردابەزاندووە.کتێبەکان ناگەن بەخوێنەرانیانی ڕاستەقینەی خۆیان. هەرچەندە کتێبی ئێمە هەرزانە و لەڕووی جۆریشەوە کتێبی باشن بەلام فرۆشتن باش نییە. هۆکەشی وەک گوتم کێشەی دابەشکردنە.ئەگەر لەناو کوردستاندا ئێمە چارەسەرمان بۆ نەدۆزرابێتەوە، ئاخۆ بۆئەورووپادەبێت چەند گەورەتربێت ئەم کێشەیە! ڕاستت دەوێت ئەمەکاری دەزگای ئاراس یان دەزگاکانی تری چاپکردن نییە کتێب بگەیێنن بەخوێنەر،ئەمەکاری کۆمپانیای دابەشکردنە،کەلەکوردستاندا هێشتا ئەم کارزانییە (بزنس) نەکەوتوەسەرپێ. هیوادارین سەرمایەدارێک بێ ئەم کێشەیە چارەسەربکات یان حکوومەتی هەرێم پشتیوانی لەکەرتی تایبەت باکات بۆچارەسەری ئەم کێشەیە.ئەگەربێتەسەرڕاستی ئەمەئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری یە لەم قۆناغەدا.)

ـ لەهەبوونی هیوایەک بۆ خستنەگەڕی سەرمایە لەپێناو بوونی کتێبفرۆشتن،بەپیشەو سەرمایەگوزاری لەکوردستاندا ، یاخود هەبووی بەڕێوبەریەتی یەکی کارا کارلەوبورەدابکات

*لەسویدیدا بەڕێوبەریەتی خزمەتگوزاری کتێبخانەکان ئەو کێشەیە یەکلادەکاتەوە ؟!*

---

- بەڕێوبەرایەتی خزمەتگوزاری کتێبخانەکان لەسوید Btj کە دەزگاییەکی حکومی یەو لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری سویدی پشتگیری وکارئاسانی بۆدەکرێت،لەکارەسەرەکیەکانی ئەم دەزگایە دابینکردن وگەیاندنی کتێبەبە کتێبخانەکانی سوید ئەم بەڕیوبەرێەتییە مانگانە هەڵدەسێت بە دەرکردنی کەتەلۆگێک و دابەشکردنی بەسەر کتێبخانەکان، بۆئەوەی کتێبخانەکان بەئارەزوو ویستی خوێنەرەکانیان مانگانە کتێبی لێ هەڵبژێرن بیکرن ولەکتێبخانە گشتییەکاندا دابنرێت . ئەو کەتەلۆگە کەمانگانە بەسەرسەرجەم کتێبخانەکان دابەش

دەکرێت ،هەموو جۆرەکتێبێک لەخۆ دەگرێت، هەڵبەت کتێبی کەتەلۆگەکان کتێبی ئەودەزگای چاپ وبڵاوکردنەوانەیە کەلەسویدو دەرەوەی سوید کتێب چاپ دەکەن،یاخود کاری کتێبفرۆشی دەکەن . بۆئەم مەبەستە بەوردی بەدوای جۆروچەشنی کتێبەکوردیەکانی نێوکتێبخانەکانی سوید داگەڕاین سەرئەنجام بۆمان دەرکەوت کەکتێبخانە سویدیەکان کە لەبنەڕەتدا کتێب لەبەڕیوبەریەتی خزمەتگوزاری کتێبخانە دەکڕن لەبەشی کتێبی کوردی لە هەرکتێبخانەیەک لە 150 ناونیشانی کتێب تێناپەڕێت .کۆی گشتی کتێبی داخڵکراوبۆناوکتێبخانەکان 2700 ناونیشانی کوردییە لەکاتێکدا کتێب وناونیشانی (عەرەبی ـ فارسی ) لەخانەی کتێب بەزمانی بێگانە چوارهەندی کتێبی کوردییە ئەم بەشداری یە کەمەی کتێبی کوردی بەشی هەرەزۆری لەم چەشنە بوون ( شیعر۔ کورتەچیرۆک ـ ڕۆمان ـ قسەی نەستەق ـ پەندی پێشینان ـ مۆڵەتی فێربوونی شۆفێری ـ فەرهەنگی (سویدی ـ کوردی) چیرۆکی منداڵان وەرگێڕاوبۆکوردی) .. هتد

---

داناڕەۆف " کەیەکێکە لەپسپۆڕان وئەندامی لیژنەی هەڵسەنگاندنی کتێبی کوردی لەبەڕێوبەریەتی خزمەتگوزار کتێبخانەکانی سوید لەوەڵامی پرسیاری هۆی کەمی هەبوونی کتێبی کوردی لەکتێبخانەکاندا وکێ لەم دیاردەیە بەرپرسیارە ؟

گوتی . یەکێک لەوهۆیانەی کەوای کردووە کتێبی کوردی لەکتێبخانەسویدیەکاندا کەم بێت ئەوەیە ،کەبازارگانی بەکتێبی خراپی کوردی دەکرێت .دانا ڕۆف بەڵگەنامەیەکی خستەڕوو تێیدا نیشان ئەدات کەچ جۆرەکتێبێک نێراوە بۆ ( بەڕێوبەریەتی خزمەتگوزاری کتێبخانەکان ) تا ئەوان هەلیسەنگێنن وبینێرن بۆکتێبخانە گشتیەکانی سوید داناڕەۆف لەبەشێکی ئەو نامەیەدا کەناردویەتی به بەڕێوبەریەتی خزمەتگوزاری کتێبخانەکان ودانەیەکیشی دایە دەست لڤین دەڵێت :

* زۆرسوپاس بۆئەوکتێبانەی کەبۆمنتان ناردبوو بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ،کتێبەکانم خوێندەوە،بەڵام بڕیارم داوە ئەم جۆرەلەکتێبی کوردی بە بەشی (خانەی کوردی )لەکتێبخانەکان نەناسێنم ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ئەم کتێبانە ئاستیان لەخوارپێویستدایەو،زیاتر لەکتێبی سەرعەرەبانەو دوکانی لاکۆڵانەکان ئەچن. بەتایبەت لەباری ڕێنوس و ناوەڕۆک ،کەباس لەنوسینی کوردی دەکرێت ،ئەم دووکتێبە بەدڵنیای یەوە بێ هیچ گومانێک پێناسەی خراپترین جۆری نوسینی کوردی کردووە ،ئەمانە ئەچنە خانەی زبڵەوە کەبەهیچ جۆرێک لەکتێبخانەی گشتی سویدیدا ئەم چەشنە لەکتێب بەدی ناکرێت.

لڤین: لەبەرپرسیاریەتی گەیشتنی ئەم کتێبانە بەکتێبخانە لە"دانا ڕەۆف "ی پرسی

کێ بەرپرسە لەگەیاندنی ئەوچەشنە لەکتێب بۆ بەڕێوبەریەتی خزمەتگوزاری کتێب لەسوید ؟

داناڕەۆف گوتی : ئەوکتێبخانەودەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەوکتێبفرۆشانە بەرپرسن کە لەسوید مۆڵەتی کارکردنیان پێدراوە !؟. کەبێ گوومان ئەوانیش لەهەوڵی ئەوەدان کە ئەوکتێبانە بگەێنن بەکتێبخانە کە دەسکەوتێکی زیاتری لێدەبێتەوە، نەک دەسکەوتێکی کەمتر.بەڵام ئەوان وەک بازرگانێکی کتێب بیر لەوەناکەنەوە کەبەوکارەیان چ ماڵ وێرانیەک بۆ ئایندەی کتێب ی کوردی لەئەوروپا دەخوڵقێنن.

بۆ زیتارشیکردنەوەی ئەم دیاردەیە لڤین پرسیاری لە بەدران ئەحمەدحەبیب بەڕێوبەری دەزگای ئاراس کرد.

*: بەپێی هەندیک زانیاری کەدەستی ئێمەکەوتووە،(کتێبخانەی هەرزان وەکتێبخانەی گەرمیان ) کە دوو کتێبفرۆشی مۆڵەتپێدراوی سویدن هەردووکیان کتێبەکانی دەزگاکەی ئێوەودەزگای سەردەم لەئەوروپا بەکتێبخانە ئەروپییەکان بەنرخی خەیاڵی دەفرۆشێت. بۆنمونە ئەگەرکتێبێک لەدەزگای ئاراس نرخی تێچوەکەی یەک دۆلاربێت ئەوائەو کتێبەبەنرخی 20 دۆلار بەکتێبخانە ئەوروپییەکان دەفرۆرشرێت ؟ شایەنی باسە ( لانی کەم هەرکتێبێک 40 دانەیەکی لیدەفرۆشرێت ) ئێوە تاچەند لەم دیاردەیە بەئاگان ؟

* بەدران ئەحمەد لەوەڵامداگوتی: ئەمەش هەرئەنجامی نەبوونی کۆمپانیای دابەشکردنی ڕۆژنامەوکتیبە، من لام وایە ئەوانەی کتێبەکانی ئێمە گران دەفرۆشنەوە زۆرناهەقیان نییە لەم پرسەدا.ڕەنگە جۆرێک دەرفەت وەرگرتنی تێداهەبێ وهەلەکەیان بەخراپی قۆستبێتەوەکەکتێبەکانمانلەڕیگەیکی ڕاست ورەوا نەوەناگات بەئەوروپا،ئەوەش هەیە کەکرێ

گواستنەوە بۆدەرەوەگرانە،ڕەنگە خەرجیی یەکێکیش کەلەئەورووپا کتێبخانەی دانابێ زیاتربێ لکوردستان.کتێبەکانی ئێمەوەدەزگاکانی تریش بەنرخێکی هێمایی پێشکەش دەکرێن. نرخەکانی ئێمە بۆکوردستانە نەک بۆدەرەوە.بەڵآم پێشم باش نییە ئەوبرایانەی کتێبی ئێمەدەفرۆشنەوەزۆری پێوەبنێن ونرخەکان زۆر گران بکەن.

* ڤین : بیرتان لەوەنەکردۆتەوە کەخۆتان کتێبەکان بگەێننە ئەورووپا،وبەنرخێکی هەرزان بیگەێننە کتێبخانەکان ،بۆنمونە ،تەنها لەسوید دا پتر لە200 کتێبخانەی گشتی هەیە؟

* بەدران ئەحمەد: ئێمەتوانای داراییمان لەبەردەستدا نییەبۆئەم مەبەستە.خۆزگەبمانتوانیایە کارێکی وائەنجام بدەین .ڕاستی دەویَ کاری ئێمەش نییە.وەک گوتم دەبێت لەنێوان ئێمەوخوێنەردا ناوبەرێک هەبێت کەئەرکی ئەوەبێ کتێبەکانی ئێمە بگەێنێ بەخوێنەران. ئەمەکارێکی بازرگانییە،بەلآم لەکوردستاناهێشتا ئەدەب وهونەر ورۆشنبیری و رۆژنامەوانی هیچیان لەچوارچێوەی کاری بازرگانیدا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت .ئەمەکێشەیە.

سیستمی بڵاوکردنەوەی کتێب

لەمەڕ سیستەمی کارپێکراوبۆ بڵاوکردنەوەی کتێب لە کتێبخانەی ئیلکترۆنی وکتێبخانی کوردی لەستۆکهۆڵم کەلەبنەڕەتدا لەئەورووپا کاردەکەن ڤین پرسیارێکی لێ کردبوون .

ڤین : سیستمی بڵاوکردنەوەی کتێبەکان، لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی کتێبە؟ یاخود هەموو کتێبێک لەکتێبخانەکەتاندا ، بڵاودەکرێتەوە.؟

بەهرۆز حەسەن:هەرچەندە ئەمە کتێبخانەیەکی گشتییە، بەلآم بێگومان جۆرە هەڵسەنگاندێک لە ئارادایە و ناکرێت هەموو کتێبێک بڵاوبکرێتەوە. بەشێوەیەکی زۆر گشتی ئەگەر بزانم کتێبێک هیچ سودێکی بۆ خوێنەری کورد نیە، ئامادەنیم لێرەدا بڵاویبکەمەوە. ئەمەش هەندێجار توشی گرفتێکی گەورەمدەکات و ناتوانم بەئاسانی بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەی یان بڵاونەکردنەوەی کتێبێکی دیاریکراو بدەم. وەک دەزانێت هەر کەسەو بەپێی هزری خۆی کتێبێکی دیاریکراو هەڵدەسەنگێنێت و هەر کەسەش خولیای خوێندنەوەی جۆرە بابەتێکی تایبەتییە، یان چەند بابەتێکی تایبەتییە، لەبەرئەوە من هەوڵدەدەم زەوقی خوێندنەوەی خۆم وەلاوەبنێم و لە ڕوانگەیەکی گشتیترەوە تەماشای خوێنەر بکەم. واتە هەروەک کتێبخانەیەکی ئاسایی کە دەچیتە ناویەوە، ڕەنگە هەندێ کتێب سەرنجت ڕابکێشێت و هەندێ کتێبی تریش بە تورەهات دابنێیت، ئەم کتێبخانە ئەلەکترۆنییەش هەمان شێوەی کتێبخانەیەکی گشتی ئاساییە

. نەوزادهیرۆری.بەرێوبەری ( کتێبخانەی گشتی کوردی لەستۆکهۆڵم ) لەمەڕ جۆری کتێبەکانی ناوکتێبخانەلەم بارەیەوە دەڵێت :کتێبخانەی کوردی لەستۆکهۆڵم کاری کتێبەوانی دەکات ئێمەکتێب نافرۆشین ،ئێمەکتێب دەکرین ،ئامانجی گشتی کتێبخانەکەو تەواوی پرۆسەکە ئەوەیە ئەمانەوێت کتێبەکان کۆبکەینەوە.پاراستن وبەردەستخستنی بەرهەمی کوردی لەسەرکورد و کوردستان بنەمای سەرکی کارەکانمانە هەمووجۆرەکتێبێک بەهەرزمانێکی دونیا لەسەرکورد وکوردستان نوسرابێت ئێمەلەهەوڵی ئەوەداین لەکتێبخانەکەماندا دابنێین، کتێبخانەی کوردی بەپێی سیستەمی کتێبخانەکانی سوید کاردەکات،کەتەلۆگی کتێبخانەی کوردی لەئەنتەرنێت لەماڵپەری کتێبخانەدا هەیە لەوێوە هەرکەسێک بیەوێت ئەتوانێت بەدوای کتێبەکانی کتێبخانە بگەرێت. خزمەتی گەڕان بەدوای کتێب لەرێگەی کەتەلۆگ کارێکی نوێیە کورد تائێستا نەیبووە، جگە لەوەش لەکتێبخانەی گشتی کوردی لەستۆکهۆڵم کۆڕو سیمینار وپێشەنگا ساز دەدرێت.

. لەکاتێکدا کەکتێبخانە گشتییەکانی سوید بەتایبەت و ئەسکەندەناڤیا بەهیچ جۆرێک ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوسەرو دەزگاکانی چاپ مامەڵەناکەن ،وکتێب لەنوسەران بەدەگمەن بەدیاری وەری دەگرن ، لەجێی ئەوە بۆ دابینکردنی هەمیشەی کتێب بۆکتێبخانەکان لەگەڵ ئەوبەرێوبەریەتی یە کار دەکەن کەکاری دابەشکردنی کتێبە بەسەر کتێبخانەکان. کتێبخانەی گشتی سلێمانی کەسەربەوەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانە وەزارەتی ناوبراو لەسەر داوای وەزیرەکەی کەپێشوەخت بانگەشەی نازناوی (پایتەختی ڕوناکبیری ) بۆسلێمانی دەکات هیچ جۆرە بوجەیەکی تایبەتی بۆ کتێب کرێن تەرخان نەکردووە.کتێبخانەی گشتی سلێمانی کتێب ناکرێت ،لەجێی ئەوە چاوەڕێی پێشکەشکردنیەتی لەلایەن نوسەرەکەی یان دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەکان.... لەوەش خراپتروکەبودجەش

بۆ کتێبکڕین تەرخان نەکراوەبۆکتێبخانەکان تاکوکتێبی پێ بکڕن وەزارەتی ڕۆشنبیری بیری لە دروستکردنی کتێبخانەش نەکردۆتەوە، وکاری بۆئەوەنەکردووە کەهەرچی کتێبی چاپکراوهەیە لەکتێبخانەکاندا کۆبکاتەوە.

خوێنەر لەم هاوکێشەیەدا

جێی خۆیەتی لەم بەدواداچوونەدا پرسیارێکیش لەمەڕ جۆری خوێنەر لەئەورووپادا بکرێت ... بۆ ئەم مەبەستە لڤین پێشوەخت پرسیارێکی لە بەرێوبەرانی کتێبخانەی ئیلکترۆنی و کتێبخانەی کوردی لەستۆکهۆڵم کردبوو ..

لڤین: زۆرترین کتێبی خوێنراو لەکام (چین وجۆری) کتێبە؟ ڕۆمانە، شیعرە، چیرۆکە، کتێبی سیاسییە..

بەهرۆز حەسەن بەرێوبەری پەرتوکخانەی کوردی لەوەڵامدا وتی : ناتوانم بەشێوەیەکی ڕاست ودروست وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە، چونکە خوێندنەوە یان نەخوێندنەوەی کتێبێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ کەوتۆتە سەر کتێبەکە نەک چین و جۆری کتێبەکە. بۆ نمونە بەگشتی ڕۆمان خوێنەرێکی زۆری هەیە، بەڵام هەندێ ڕۆمانمان هەیە کە کەم دادەگیرێن. بەهەرحاڵ بەشێوەیەکی هەر زۆر گشتی سەرنجماوە کتێبی فەلسەفی و ڕۆمان و کتێبی دەروونناسی و فەرهەنگ و کتێبی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵناسی، لە سەروی ئەو کتێبانەوەن کە هەرە زۆرترین خوێنەریان هەیە.

نەوزاد هیرۆری بەرێوبەری کتێبخانەی گشتی کوردی لەسوید ووتی :هەمووجۆرەکتێبێک لەکتێبخانەی کوردی دەخواسترێت، بەڵام بەشیوەیەکی گشتی کتێبی ( سیاسی ) لەسەرو ئەوکتێبانەن کەلەکتێبخانەکەماندا زۆرترین خواستی لەسەرە .

- هەرچی لەبارەی بەشی خانەی کتێبی کوردی لەناوکتێبخانەگشتییەکانی سویدە، دەرکەوت زۆرترین کتێبی خواستراو(کتێبی مۆڵەتی شۆفێری بەزمانی کوردی - کتێبی فەرنەهەنگی زمانی سویدی کوردی)بووە، ئەمەش ئەوە دەگێنێت کەجگەلەوەی کەحاڵی کتێبخانەکان بەدەست کەمی وخراپی جۆری کتێبەکان دەناڵێنێت ،لەباری خواستن و ئارەزوومەندی خوێنەربۆکتێب خوێندن،لەوئاستەدا دەوەستێت کەپێویستیەکی کاتی بۆدابین دەکات نەک ئارەزوویەکی مەعریفی بێت بۆژیان ... کتێبی مۆلەتی شۆفێری بۆیەزۆرترین خواستنی هەیە چمکێکم بێ تەواوکردنی ئەوکتێبە مەحاڵە بتوانیت لەتاقیکردنەوەی مۆڵەتی ئۆتۆمبێل لەسوید سەرکەوتوبیت ،بەڵگەنەویستیشە بێ فەرهەنگی زمان بۆ یەکێک کەنوێ بێت لەم وڵاتەکەمێک ستەمە فێری زمان بێت. شایەنی ئاماژەپێدانە فەرهەنگی زمانی کوردی سودی نرخەکەی لەبازاڕدا 33 دۆلارە ...




ئەمەی سەرەوە ئامارێکی گشتی یە سەبارەت بەرێژەی چاپکردنی کتێب بەچەندزمانێکی بێگانە کە dn grafyk داگنس نیوهێتەری سوید ئامادەی کردووە. تیایدا نیشانی ئەدات کەچاپکردنی کتێب بەزمانی غەیرەسویدی لەماوەی دەساڵی نێوان 1994 تا2004 چاپکردنی کتێبی کوردی .لەئەمرۆدا بەرەوهەڵدێر دەچێت و نزمترین ئاستی بەچاپگەیاندنی تۆمار کردووە .بەشێکی ئەم نزمبوونەوەیە ئەوەیە کەچاپکردنی کتێب ونرخی تێچوون لەوڵاتێکی ئەورووپی زۆرگرانە، چاپکردنی کتێبێکی 200 لاپەری لانی کەم بۆهەردانەیک 15دۆلار نرخی تێچوەکەیتی .پاشان کتێبخانە گشتییەکانی سوید وەک پێشترئاماژەمان پێدا لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆمامەڵە لەگەڵ نوسەردا ناکەن وهاوکات لەگەڵ دەزگای مۆڵەتپێکراوی خۆیان مامەڵەدەکەن ئامادەنین کتێبت لێ بکڕنەوە دەزگاکانی وەک کتێبخانەی هەرزان کە لەساڵی 1991 وە لەوبوارەدا کاردەکات وتائێستا 300 ناونیشانی کتێبی چاپکردووە تاکتێبی چاپکراوی خۆی وەستابێت ئامادەگی ئەوەی نییە کتێب لەنوسەربکڕێتەوە. بەهەمان شێوە کتێبخانەی گەرمیان کەئەویش کتێبفۆشێکی تری مۆڵەت پێدراوی سویدی یە کاتێک کەکتێبێک بۆ فرۆشتن دەخاتە بازاڕ کەنرخی 35 دۆلاری لەسەردادەنێت وەک ئەوەی بۆنمونە کتێبێک لەبنەڕەتدا نرخی تێچووەکەی 5 دۆلار بووە، ئامادەگی ئەوەی تیا بەدەی ناکرێت کتێبێکی قەبارەبچوک کەلەبنەڕەتدا لەسوید چاپکراوەو چوار هەندی تێچوی کتێبێکی کوردستانی

تێچووە بەنرخی 35 دۆلار بخاتەبەردەست( بەڕێوبەریەتی خزمەتگوزاری کتێبخانەکان).لەبەرئەوەی دەسکەوتی مادی کەمترە.

..........................................................................................................................................................................

تێبینی :بەشێکی ئەم بابەتە لەژمارە 58 ی گۆڤاری لڤین بڵاوبۆتەوە دەرچوی 15 ی نۆڤەمبەری 2007